ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**درووستکردنی دووگمە بۆ وێب.**

نووسەر: Alan Kemal
@: Alan.Kamal@Gmail.Com

ئەم وانەیە ڕێنووێنیت ئەکات بۆ درووستکردنی سێ جۆر دووگمەی نایاب کە پاشان بتوانی لە کاروباری وێبگەدا بەکاریان ببەی.
سەرەتا فۆتۆشۆپ بکەرەوە، پاشان پەرەیەکی نوێ (New Document)بکەرەوە بە ڕەنگی سپی وە بەم قەبارەیە 300px x 300px (ئەتوانیت هەر قەبارەیەک هەلبژێریت ).
ئێستا چینێکی نوێ( New Layer) درووست بکە ناوی بنێ gradient, پاشان ئامرازی Rectangular Marquee هەلبژێرەو لاکێشەیەک وەک ئەمەی خوارەوە بکێشە، من بەم قەبارە کێشاومە 113x19.



ئێستا ئامرازی Gradien هەڵبژێرە وە دڵنیابە لەوەی کە ئامرازی Linear Gradient هەڵبژێردرابێت ئەم کاریگەریەی بۆ زیاد بکە،




پاشان وەک ئەم وێنەیەی خوارەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە خەتێک بکێشە، پەنجە بنێ بە سەر Shift دا لەسەر تەختە کلیلەکەت بۆ ئەوەی ڕێک دەربچێت.



ئێستا ئەبێت شێوەیەکی وەک ئەمەی خوارەووت هەبێت،



ئامرازی نووسین هەلبژێرەوە نووسینێک بنووسە بۆ ئەم وانەیە ئەم کاریگەریانەی بۆ هەلبژێردراوە وەک ئەم ووێنەی خوارەوە، ڕەنگ #C2E0FC.




ئێستا لێرەوە لەسەر ئەو هانگاوانەی سەرەوە سێ جۆر دووگمەی جیاواز درووست ئەکەین. 1. رێگای یەکەم: ئێستا چینێکی نوی ( New Layer )درووست بکە رەنگی foreground سپی بێت (دڵنیابە لەوەی کە ئەو چینەی لەسەرەوە ناومان نا Gradient هەڵبژێردراوە ئەگەر نا، پەنجە بخە سەر Ctrl لەسەر تەختەکلیلەکەت پاشان کرتە لەسەر ئەو چینە بکە کە ناوی Gradientە)،پاشان ئامرازی Rectangle هەڵبژێرەوە رەنگی سپی بێت وەک ئەم وێنەیەی خوارەوە نیوەی دووگمەکە دابپۆشە.



پاشان نرخی opacity لە Blind Options کەم بکەرەوە بۆ لە 20%.




2. رێگای دووەم: ئێستا چینێکی نوی ( New Layer ) دروست بکە و با رەنگی foreground سپی بێت (دڵنیابە لەوەی کە ئەو چینەی لەسەرەوە ناومان نا Gradient هەڵبژێردراوە ئەگەر نا، پەنجە بخە سەر Ctrl لەسەر تەختەکلیلەکەت پاشان کرتە لەسەر ئەو چینە بکە کە ناوی Gradientە)، پاشان ئامرازی Elliptical Marquee هەڵبژێرەو کرتە لەسەر Subtract from Selection بکە وەک لە وێنەکەی خوارەوە دیارە ،




پاشان وەک ئەم وێنەیەی خوارەوە بازنەیەک بکێشە،



پاشان پڕي بکەرەوە بە ڕەنگی سپی (بەدەستە راستی مشکەکەت کرتەلەسەر بەشە هەڵبژێردراوەکە بکە پاشان Fill هەڵبژێرە و ڕەنگی سپی هەلبزێرە بۆ ئەوەی پڕەبکەتەوە بە ڕەنگی سپی) پاشان Opacity لە BlindOption کەم بکەرەوە بۆ 35%،




3. ڕێگای سێیەم: ئێستا چینێکی نوی ( New Layer ) دروست بکە و با رەنگی foreground سپی بێت (دڵنیابە لەوەی کە ئەو چینەی لەسەرەوە ناومان نا Gradient هەڵبژێردراوە ئەگەر نا، پەنجە بخە سەر Ctrl لەسەر تەختەکلیلەکەت پاشان کرتە لەسەر ئەو چینە بکە کە ناوی Gradientە)، پاشان ئامرازی Linear Gradient هەڵبژێرەو وەک ئەم کاریگەریەی بۆ دابنێ ؛




ئێستا بە هەمان ئامراز لەسەرەوە بۆ خوارەوە خەتێک بکێشە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە ئەبێت؛




ئێستا چوارچێوەیەکی یەک Pixel بۆ هەر سێ دووگمەکە ئەکەین، چینێکی نوێ دروست بکە و ئامرازی Rectangular Marquee هەلبژێرەو پەنجە لەسەر تەختە کلیلەکەت بخە سەر Ctrl پاشان ئامرازی gradient tool هەڵبژێرە (دڵنیابە لەوەی کە ئەو چینەی لەسەرەوە ناومان نا Gradient هەڵبژێردراوە ئەگەر نا، پەنجە بخە سەر Ctrl لەسەر تەختەکلیلەکەت پاشان کرتە لەسەر ئەو چینە بکە کە ناوی Gradientە) پاشان برۆ بۆ Edit پاشان Stoke ئەم کاریگەریەی بۆ هەڵبژێرە،




وێنەی کۆتایی سێ دووگمەکان،




کۆتایی.

* هەرشتێکت لە لا روون نیە ئەتوانی لە رێی ئەو پۆستە ئەلەکترۆنیەی سەرەوە پەیوەندیم لەگەڵدا بگریت.

Feb 2006 06

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت